# پێکهاتنی زمان له بنەڕەتەوە و نزیکی زمانەکانی جیهان لەگەڵ یەکتر

نووسینی نادر فتحی (شوانە)
ڕەشەمەی ٢٧٠٧ (٢٠٠٧)، ئاڵمان

لەوەتی لەبیرم دێ ئەو پرسیارەم لەخۆم کردوە کە بۆچی مرۆڤ کەڵک لەوهەموو زمانە جۆرواجۆرانە وەردەگرن؟ هەر بەو هۆیەوە زۆرم لا گرینگ بوو بزانم کە "پێکهاتنی زمان" لە کوێوە دێ؟ بۆچی ئەو هەموو زمانە پێکهاتوون؟ و زۆر پرسیارە دیکە.
بۆئەوەی بتوانین زانستی ئەمڕۆی خۆمان لەسەر بابەتەکان هەڵسەنگێنین و بڕیاریان لەسەر بدەین، دەبێ رابردوو و مێژووی پێشووی ئەوان لەبەرچاو بگرین، دەنا کارێکی ناتەواومان دەستپێکردووە!

دوو پرسیاری سەرەکی سەبارەت بە "زمان" هەن کە سەرنجی مرۆڤ رادەکێشن:

یەکەم، **چۆن زمان پێکهاتووە؟** ئەوە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی "هۆمۆساپیەنس" [Homosapiens]، کە جیاوازی هەم لە باری بیۆلۆژی و ئاناتۆمی و هەم لەباری هۆش و تێگەییشتوییەوە، لەگەڵ مرۆڤی پێش خۆی بووە. هۆمۆساپیەنسەکان شۆڕشێکی نوێی مرۆڤایەتیان دەست پێکردوە کە یەک لەوان بۆ باشتر تێگەیشتنی مرۆڤ لەیەکتر، پێکهاتنی زمانە.
دووهەم، **چۆنە کە ئەوهەموو زمانە جۆرواجۆرانە پێکهاتوون؟** ئەوەیکە مرۆڤ لە دەستە و گرووپی جۆرواجور و بە بێ پەیوەندی گرووپەکان لەگەڵ یەکتر و بە هۆی بارودۆخی جوغرافیایی دوور لە یەکتر ژیاون و هەرکام زمانێکی جیاوازیان پێکهێناوە، شتێکی دیار و ئاشکرایە، بەڵام نابێ تەنیا هۆی سەرەکی بێ، بەڵکوو ئەو دیاردەیە دەبێ پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ چۆنیەتی ژیانی ئابووری و مێژوویی ئینسانەکان بووبێ .
ئەو زمانانەی تا ئەمڕۆ لەسەر گۆی زەوی بوون و هەن و قسەیان پێکراوە، ژماریان زیاتر لە ٦٠٠٠ە کە بە شێوەیەکی جۆراوجۆر بەسەر دنیادا بڵاو بوونەتەوە! لە ئوروپا ١٢ لە سەدی مرۆڤی ئەمڕۆی سەرزەوی(کە نزیکەی شەش میلیارد)ە ، تەنیا بە٣ لە سەدی زمانەکانی دنیا دەدوێن! لە ئاسیا کە ٦٠ لە سەدی دانیشتوانی دنیا پێکدێنێ، بە ١/٣ زمانەکانی دنیا قسە دەکەن. دورگەکانی دەورووبەری ئەقیانووسی پاسیفیک(ئارام) کە کەمتر لە یەک لە سەدی مرۆڤی جیهانی تێدا دەژی بە ٢٠ لە سەدی زمانەکانی دنیا ئاخافتن دەکەن!
ئەگەر بێتوو بە پێی کەڵک وەرگرتنی مرۆڤ لە زمانەکان سەیری دیاردەکە کەین، بۆ وێنە، ٩٠٠ میلیۆن مرۆڤ بە زمانی "چینی – ماندارین" دەدوێن، لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپا و ئاسیایی (هاوسێی ئوروپا) ، هەر زمانەی ٣ میلیۆن مرۆڤ قسەیان پێ دەکا، لە گینیای نوێ(کارۆلینن) کە لە باکووری ئوستراليا هەڵکەوتووە، ٨٥٠ زمانی تێدایە کە بە هەر زمانەی ٤ هەزار کەس قسەی پێ دەکەن! بەشێک لە پسپۆران پێیان وایە کە گرووپێکی چەند هەزار کەسی دەتوانن هەزاران ساڵ زمانێک زیندوو راگرن.
زانایان زمانەکانیان بە پێی نزیکی و شێوەی رێنووس و تایبەتمەندییەکانیان و بە تایبەت پەیوەندی هاوبەشیی مێژوویی، لە ناو گرووپی گەورەتردا جێ کردۆتەوە . زۆربەی زمانە گەورەکانی ئوروپا وەک رووسی، سپانیایی، ئاڵمانی، یونانی و ئینگلیسی لە پەنا زمانی بچووکتر وەک ئیرلەندی، سێربی و زمانەکانی ئاسیایی وەک فارسی،کوردی، هیندی، بەنگالی، پشتۆ و پەنجابی دەچنە ناو گرووپێکی گەورە بە ناوی "هیند و ئوروپایی" کە بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو گرووپە گەورەیە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بەردی بناغەی زمانی مودێرن دارێژرا.




وێنەی ١




وێنەی ٢

تا ئەمڕۆ زیاتر لە ٢٠ گرووپی گەورەی زمان ناسراون. بە بۆچوونی هەندێ پسپۆر ئەو گرووپانە زۆر لەوەش زیاترن! بۆ نموونە لە ئەفریقا زیاتر لە ٢٠٠٠ زمان هەن کە پسپۆری بەناوبانگی ئامریکایی "جۆزێف گرینبرگ" Joseph Greenberg، کە ماوەیەک لەمە پێش بە هۆی پیری مرد، لە ساڵی ١٩٦٣ دەیهەویست هەموو ئەو زمانانە بخاتە ناو چوار گرووپی گەورە بە ناوی:

١. "زمانی ئەفریقا/ئاسیایی" کە زمانی عەرەبی و عیبریش لەو گرووپە دابوون.
٢. "زمانی نیل و سەحرایی" کە زۆربەی زمانەکانی سوودان دەخاتە ژێر باڵی خۆی.
٣. "زمانی نیجر و کۆنگۆ" کە زۆربەی زمانەکانی قارەی ئەفریقا و باشووری سەحرا دەگرێتەوە.
٤. "زمانی سەحرای کالاهاری" کە کۆنترین زمانەکانی دنیای تێدایە، وکەوتۆتە بەینی وڵاتانی نامبیبیا و بوتسوانا و ئەفریقای باشوور.

قارەی ئاسیا نەتەنیا زۆربەی زمانەکان و بێژەرەکانی دنیای تێدایە، بەڵکوو زۆربەی گرووپە گەورەکانی زمانی دنیاش هەر لەوێدان. زمانەکانی ئاڵتای(Altai) لە ئاسیا گەنجترین زمانەکانن، کە تەمەنیان بۆ ٢٥٠٠ ساڵ دەچێ. ناوچەی جوغرافیایی ئەو زمانانە لە وڵاتی تورکییەوە دەستپێدەکا و پانتایی قازاقستان و ئوزبەکستان، هەتا دەگاتە مەغوولستان دەخاتە ژێر باڵی خۆی. هێندێک لە پسپۆران پێیانوایە ئەو نەوارە تا کۆریا و رەنگە تا ژاپۆنیش بگرێتەوە. سەبارەت بە "دراڤیدەکان"(Draviden ) کە لە باکووری ئەفریقاوە بۆ ئاسیا هاتوون و ٦٠٠٠ ساڵ لەوەپێش گەیشتونەتە هیند و بەدوای گوشارهێنانی ئارییاییەکان(هیند و گرمانەکان) کە دواتر هاتوون، ئەمڕۆ لە باشووری هیند یەکێک لە گروپە هەرە مەزنەکانی زمانیان پێکهێناوە. لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا سەرەرای بوونی رێژەیەکی بەرچاوی حەشیمەتی چینی، ژمارەیەکی زۆر لە زمانەکانی جۆرواجۆر ئەو مەڵبەندانەی داگرتوە.

هێندێک لە زمانەکانی دەوروبەری پاسیفیک لە باری ریزبەندیی(دەستەبەندی) یە وە پەیوەندیان بە زمانە ئاسیاییەکانەوە هەیە. ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ کۆچ و کۆچبەری مرۆڤ بە هۆی گۆڕانی ئاو و هەوا و بۆ وەدەست هێنانی خواردەمەنی و... بۆ نموونە ٥٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا مرۆڤ لە "تایوان"ەوە دەستیان کردووە بە کۆچ بۆ دورگەکانی دوور و نزیک، لەپێشدا گەییشتنە دورگەکانی "فیلیپین" و دواییش بۆ "بۆرنیئۆ"(Borneo ) و"تیمۆر"(Timor ) و ٣٠٠٠ ساڵ پێش ئێستاش بۆ"سووماترا" (Sumatra )، و لە سەدەکانی رابردوودا ئەو کۆچ و راگوێستنانە هەر درێژەی بووە و ئەو گرووپ و تاقمانە تا ماداگاسکاری پێش ئەفریقا و دواییش ٤٠٠ ساڵ دوای زایین تەنانەت بۆ دورگەکانی "هاوایی" و دورگەکانی رۆژهەڵات پێش "شیلی" و دواهەمین کۆچیش ٨٠٠ ساڵ دوای زایین بۆ "نیو زیلاند" ی ئوسترالیا بووە.

ئەوە یەکەمین کۆچی مرۆڤ نەبوە. دەستپێکی ئەو کۆچانە زۆر لەوەپێش لە لایەن "هۆمۆ ئێرێکتووس"(Homo erectus ) ەکانەوە لانی کەم یەک میلیۆن ساڵ پێش ئێستا بە ئیحتمالی زۆر لە ئەفریقاوە بەرەو "Java"(دورگەی ئیندۆنیزی) دەستی پێکردووە. هەوەڵین مرۆڤە مودێرنەکانیش هەر لە ئەفریقاوە ٧٠٠٠٠ ساڵ لەوەپێش خۆیان گەیاندۆتە باشووری چین و هێندیکیشیان گەیشتونەتە ئوسترالیا. ئەمریکاش وەک دوایین قارەی دۆزراوە نێوبراوە، و ئەوەی کە چ کات مرۆڤ بەوێ گەیشتووە، تا ئەوروش هەر نهێنی ماوەتەوە! مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بە هۆی سەهۆڵبەندان و بەستەڵەکی ناوچەی سیبیری، لانی کەم سێ کۆچی گەورە بەرەو ئامریکا و ئالاسکا رووی داوە. لە دوایین کۆچدا کە ئیسکیموەکان لانی کەم ٥٠٠٠ ساڵ لەوەپێش کردویانە، هێندێکیان لە بەشی ئاسیا ماونەتەوە و بەشێکیشیان خۆیان تا "وڵاتی سەوز" گەیاندوە. ٥٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا گروپەکانی "ئاپاچی"(Apachen ) و "ناڤاجۆس"(Navajos) لە ئاریزۆنای ئەمریکا و سوورپێستەکانی کاناداش پێک هاتوون کە دوور نییە ئەوانە لەگەڵ خەڵکەکانی ناوچەی سیبیری هەموو هەر لە بنەماڵەیەک بن. ئەو ناوچانە بە تەنیا ٢٠ گروپی زمانی جیاوازی لێدەبینرێ و ئەوەش جێی سەرسوورمانە کە بۆچی لە ماوە ٢٠٠٠٠ ساڵی رابردوودا کوچ و جێ گۆرکێ ئەو هەموو زمانە جۆرواجۆرەی لێ پێکهاتوە!

من بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیاری دووهەم واتە " چلۆنە کە ئەوهەموو زمانە جۆرواجۆرانە پێکهاتوون" هەولم داوە بەو چەند دێڕەی سەرەوە بارودۆخی ئەورۆی زمانەکانی دنیا بە هێنانەوەی مێژوویەکی کورت لەوان روون بکەمەوە. بە هەڵسەنگاندنی خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانیان بتوانین بە زانیاریەکی باشتر لە نیزیکی و تێکەڵاوی زمانەکان ئاگاداربین. زۆربەی ئەوزمانانە ئاسەواری زمانە کۆنەکانیان تێدا دەبینرێ.
بۆ روونکردنەوەی پێکهاتن و لێک جیابوونەوەی زمانەکان لە یەکتر دوو دیاردە هەن کە دەبنە هۆی ئاڵ و گۆڕی زمانەکان.
**یا** بە هۆی جیا بوونەوە و لێکدابڕانی مرۆڤ لەباری کۆمەڵایەتی و جوغرافیایی لەگەڵ یەکتر، و
**یا** بەهۆی نزیکی لە خەڵکەکانی دیکە و کارتێکەری زمانەکان لەسەر یەکتر کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەواندا.

دێینەوە سەر پرسیاری هەوڵ واتە "چۆن زمان پێکهاتووە"؟. لەپێش هەمووشتێکدا دەبێ بزانین چۆن مرۆڤە "هۆمۆساپیەنس" ەکان پێکهاتوون؟ شارەزایانی بواری بیۆلۆگی، ئاناتۆمی و ژێنێتیک وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە. ئەوان بە کەڵک وەرگرتن و لەژێر زەرەبین گرتنی ئێسقانە دۆزراوەکان، دۆزینی جێگای ژیانی مرۆڤ، چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنی مرۆڤ لە ئەبزار و کەرەسەی بەکار هێنانیان لە ژیاندا، چۆنیەتی خورد و خۆراکیان ، ئاسەوارە کان و ئەبزاری کاری کە لێ یان بە جێ ماوە و لە ئاخر هەمووشیاندا ئەو ئاسەوارانەی بە نووسراوە لێیان دۆزراوەتەوە، توانیویانە چۆنیەتی و بارودۆخی ئەو سەردەمی مرۆڤ لە کاتەکانی جۆرواجۆردا لەگەڵ یەکتر هەڵسەنگێنن. ئەو کات و زەمانەی کە ئێمە لەسەری دەدوێین، بە پێنج سەردەم بەش کراون:

١. "کاتی هۆمینید"(Hominiden ) ەکان، ئەو زیندەوەرانەی کە بە روونی جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ شامپانزەکان بووە.
٢. "کاتی هۆمۆ"(Homo ) کان، کە شکڵ و شەمایلێیان زۆر وەک مرۆڤی ئەمڕۆیی چووە.
٣. "کاتی زووی هۆمۆساپیەنس"(Homo sapiens ) ەکان، کە جیوازیەکی زۆریان لەگەڵ مرۆڤی ئەمڕۆ دانەبووە.
٤. "کاتی دوای شۆڕشی نیئۆلیتیک"(..Neolithish) کە هەوەڵین بەڵگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی پێکهاتوە.
٥. "کاتی دوای پێکهاتنی نووسراوە(خەت)"، کە هەوەڵین ئاسەواری زمانەکانیان لە خۆ بەجێ هێشتوە.

دیارە دەورەی پەرەسەندن(تەکامول) و زمانی مرۆڤایەتی هەر درێژەی هەیە و ئێمە ئەلان لە کاتی شەشوم واتە دەورەی مێژوویی ئیلیکترۆنیکی داین.

مرۆڤی ئەمڕۆ دوا وەچەی "هۆمینید" ی یە، کە زیاتر لە ٦ میلیۆن ساڵ لەوەپێش لە ئەفریقا ژیاون و جیاوازی تایبەتی یان لەگەڵ شامپانزەکان لەسەر چۆنیەتی پیکهاتنی ئێسقانەکانیان ، شکڵی ددانەکانیان، گەورەیی مێشک ، نەوعی خواردەمەنیان و هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتییان بووە. ئەوان ئەمڕۆ هیچیان نەماون و مردوون، بەڵام بەو بەڵگانەی کە لە ناوچە جۆرواجۆرەکانی وەک "ئیتیۆپی"، "کینیا"، "تانزانیا" و باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا دۆزراونەتەوە، تەنیا مرۆڤی "هۆمۆساپیەنس" واتە مرۆڤی ئەمڕۆیی توانیویە زیندوو بمێنێ و نەسلەکەی نەفەوتێ.
دیارە فەوتان و تونابوونی نەسلەکانی پێش ئێمە هۆی زۆری بووە وەک: کارلێکەری گۆڕانی ئاو و هەوا لە جێگای ژیانیان، ئەو تەنگ و چەڵەمانەی بە هۆی فۆرمی ئێسقانی لەشیان لە سەر رێگای ژیانیان بوویانە و کورت بوونی ماوەی ژیانیان و... . بەڵام بە هۆی جیاوازی فۆرمی لەش و ئێسقانی "هۆمۆساپیەنس" ەکان لەباری بیۆلۆژیەوە ، هێزی خۆ رێکخستن لەگەڵ بارودۆخی ژیان و راگرتنی داب و نەریت و هونەری قسەکردن، بوونە میراتیک کە نەسل بە نەسل راگیراوە و بوە هۆی نەفەوتانی ئەو مرۆڤە. لەسەر "هۆمینید" ەکان زانیاریەکی زۆر بەدەستەوە نییە، بەڵام بەو بەڵگانەی کە لەسەر ئەو

مرۆڤە لە دەریاچەی تورکانا لە باکووری کینیا دوزراوەتەوە، گەورە بوونی زیادە لە حەدی کاسەی سەریان لە چاو مرۆڤی ئەمڕۆ دەبێ هۆیەکی تر بێ بۆ فەوتانیان ، چونکە کاتی لە دایک بوون دژواریەکی زۆری بۆ دایکەکان پێکهێناوە کە بۆتە هۆی توونا بوونی منداڵ و دایکەکە .

رەنگە مرۆڤ لە سەرەتاوە بۆ حاڵی کردن و تێگەیشتن لە یەکتر کەڵکیان لە زمانی ئیشارە وەرگرتبی. هاوکات لەگەڵ ئەویشدا جار و بار بۆ حاڵی کردنی ئەو کەسانەی کە لێک دیار نەبوون یا خود لە یەکتر دوور بوون و لە رووی ناچارەوە مەجبوور بە بانگ کردنیان بوون ، هەوڵی دەرهێنانی دەنگ لە گەرویان داوە. هەر ئەوە بۆتە هۆی جەخت کرن لەسەر ماسوڵەکانی پێکهێنانی دەنگ و دوای سەردەمێکی زۆر و نەسل بە نەسل، مرۆڤ توانیویە بە شێوەیەکی زەریفتر لەو دیاردە سروشتیە کەڵک وەربگرێ.
نیو میلیۆن ساڵ پێش ئێستا یا لانی کەم ۳۰۰ هەزار ساڵ لەمەوپێش دیسانیش هەر لە قاڕەی ئەفریقا مرۆڤی مودێڕن، واتە "هۆمۆساپیەنس" هاتۆتە سەر گۆی زەوی. ئەو مرۆڤەش لەپێشدا بۆ ئاسیا و دواییش لەوێوە بۆ قاڕەکانی تر کۆچی کردووە. بەهۆی ئەو بەڵگانەی کە لە ئیسرائیل دۆزراونەتەوە، لانی کەم ۱۰۰ تا ۲۰۰ هەزار ساڵ لەمەوپێش دوو مرۆڤی، "هۆمۆساپیەنس" و "نئاندرتاڵ" لە پەنا یەکتر ژیاون. لە ئورۆپای ناوەڕاستیش دواتر "نئاندرتاڵ" و "کرۆمانیۆم" زیاتر لە ۱۰ هەزار ساڵ لە پەنا یەکتر ژیاون. هێندیک لە زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە مرۆڤی مودێڕن هاوکات لە شوێنەکانی وەک ئافریقا، باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و رەنگە لە ئورۆپاش، لە "هۆمۆ ئێرێکتۆس" (Homo erectus )ەکان پێک هاتوون. بەڵام ئەو تیئۆرییە زۆر جێی باوەڕ نییە چونکە:
یەکەم: دۆزراوەکان لە ئافریقا لە باری کاتییەوە زۆر کۆنترن لە هی دۆزراوەکانی شوێنەکانی تر و دووهەم: دەورەی پەرەسەندن(تەکامول)ی مرۆڤەکان تەنیا لە ئەفریقا بە نەزم و بەدوای یەکدا تەواوکەری یەکتر بوون، لە کاتێکدا لە قاڕەکانی تر بۆشاییەکی گەورەی ئاناتۆمی دەبینرێ.

هەروەک باسمان کرد تا ئەمڕۆ زیاتر لە ۲۰ گرووپی گەورەی زمان ناسراون، بەڵام چونکە زمانی کوردی لە ناو گرووپی "هیند و ئوروپایی" دایە، بەو هۆیە من لەم نووسراوەیەدا تەنیا لەسەر ئەو گرووپە دەدوێم. وەک پسپۆڕان باسی دەکەن ئەو زمانە وەک شێوەی کۆنی خۆی، ۷۰۰۰ ساڵ پێش زایین لە باکووری ناوچەی میزوپوتامیا(باکووری کوردستان) قسەی پێکراوە. زمانی هێتیتیش (Hethitisch) لە ئاناتۆلی کە ئەمڕۆ نەماوە و فەوتاوە، و زمانەکانی ئاڵبانی و یونانی و ئەرمەنی و هەرەها کوردی و فارسی و هیندی و.. دیسان بەشێکی دیکە بەرەو باشووری رووسیەوە مابەینی دێنپر (Dnjepr) و ڤۆلگا (Wolga) کە دەکەونە باکووری دەریای رەش، رێگای خۆیان جیا کردۆتەوە و بە تێپەڕبوونی کات زمانەکانی تایبەت بەو ناوچانەیەی پێکهێناوە و دوای توونابوونی زۆربەی ئەو زمانانە ۵۰۰۰ساڵ پێش زایین زمانەکانی کاڵتیی و ئیتالیی و گرمانی و سڵاوی پێکهاتوون کە لە ناوچە جۆرواجۆرەکانی ئەمڕۆی ئوروپا بڵاوبوونەوە (بروانە وێنەی ۱و۲).
واتە زمانی "هیند و ئوروپایی" بەرهەمی شۆڕشی نیئۆلیتیک"(neolithischen Revolution ) ە .
بەهۆی سەرسەوزی و پڕبەرەکەت بوونی ناوچەی میزوپوتامیا ، هروژم هێنانی مرۆڤ بۆ ئەو ناوچەیە و پێکهاتنی گرووپەکان و دواییش شارەکان و چوارچێوە سازکردن بۆ ژیانی باشتر، سەقامگیری و مانەوەی مرۆڤ لە شوێنێکی دیاریکراو بوە هۆی پیکهاتن و باو بوونی یاسا و ژیانی بە نەزم. بە دۆزینەوەی خەت و راگرتنی فەرهەنگ و نەریت لەسەر بەردەنووسەکان و پێستی ئاژەڵ و دواییش کاغەز، شۆڕشێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤ پێکهات کە تەواوی ئەوانە خزمەتێکی گەورەیان بە پتەوبوون و پێشکەوتوویی زمان کرد.
لە ناوچەی میزوپوتامیا لە زەمانی سۆمەڕەکان ۳۲۰۰ ساڵ پێش زایین خەتی بزماری ئیختراع بوو. کە بە دوای ئەودا و بە ئیلهام وەرگرتن لە خەتی بزماری خەتی عەرەبی و یوونانی و دواییش لە یوونانییەوە خەتی مودێڕنی لاتینیی ئەمڕۆ پێک هات. مسرییە کانیانیش بە دوای ئیختراعی خەتی بزماریدا خەتی هیرۆگلیپن یان ساز کرد. خەتی لۆگۆگرافی چینییەکانیش ۱۲۰۰ ساڵ پێش زایین دروست بوە. خەتەکانی دیکەش وەک هیندی و بوورمایی و مەغوولی و ... لە هەموو وڵاتەکانی دیکە بە

بێ پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵیەکدا دروست بوون. ئەگەر خەت نە بایە ئێمە هیچ زانیارییەکی وامان سەبارەت بە زمانەکانی رابردوو نەبوو! ئەوە خەتە کە زمانی راگرتوە.

بەشێک لە پسپۆران دەڵێن مێژووی زمان دەگەرێتەوە بۆ ١٠٠.٠٠٠ ساڵ لەوەپێش. ئەگەر ئەوە راست بێ و وەک دەشزانین کە مێژووی دروستبوونی خەت ٥٠٠٠ ساڵە، بەو پێیە ئیمە تەنیا ٥ لە سەدی مێژووی زمان دەزانین!؟

پێشکەوتوویی ئاناتۆمی هۆمینیدەکان دەتوانێ بۆ گۆڕانکاری ژیانی مرۆڤ دەورێکی باشی گێرابێ. لەهەوەڵەوە بەکارهێنانی دەست و دروستکردنی کەرەسە بۆ هاسانکردنەوەی کاروباری ژیان، دواییش دەورگێرانی ژیانی هاوبەشی و پێکهێنانی گرووپ بۆ مانەوە لە بەرابەر ئاژەڵی وەحشی و دیاردە سروشتییە کان و لە ئاخردا بە یارمەتی زمان و نووسین، مرۆڤ توانیویە فەرهەنگ و نەریتی خۆی تائەمڕۆ رابگرێ و مێژووی بپارێزێ!

یەک میلیۆن ساڵ پێش ئێستا یەکەمین کۆچ و کۆچبەری لە ئەفریقاوە دەستی پێکردوە کە زۆربەی زمانە ناودارەکانی جیهانی ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو هات وچۆیە بوون. بە دوای ئەویشدا و دوای ماوەیەکی زۆر یانی ١٠.٠٠٠ ساڵ لەوە پێش دووهەمین کۆچی مرۆڤەکان بۆتە هۆی نیشتە جێ بوونی ئینسان لە هەموو قارەکانی ئەم جیهانە. دیتنەوەی خەت و پەیوەندی کۆمەڵایەتیی و.. بوونەتە هۆی پتەو بوونی فەرهەنگ و نەریت لە هەموو قارەکان. دوور نییە کە رۆڵی زمان فاکتۆرێکی زۆر گرنگ بووبێ بۆ نیشتە جێ بوون و مانەوەی مرۆڤەکان لە جێگایەکی سابت! ئەو مانەوەیە و پێکهێنانی وڵات و دەست لە کۆچ هەڵگرتن و لە جیگایەکی دیاریکراو سەقامگیر بوون، وەڵامێکی زۆرباشە بۆ ئەو پرسیارە کە بۆچی لە چەند سەدەی رابردوودا زمان، نەتەنیا بەو شێوەیەی پێشوو شاخ و باڵی لێ نەبۆتەوە و زمانی نوێ دروست نەبووە بەڵکوو مرۆڤە پێشکەوتووە کانی ئەم جیهانە تێدەکۆشن بۆ پتەو کردنی بارودۆخی ئابووری – سیاسی – کۆمە ڵایەتی، زمانێکی هاوبەش پێک بێنن!

سەرچاوەکان :


**Spektrum der Wissenschaft. Dossier ٣/٢٠٠٠: *Die Evolution des Menschen*.**
**Spektrum der Wissenschaft. Dossier ١/٢٠٠٠: *Die Evolution der Sprachen*.**
**Luigi Cavalli-Sforza (١٩٩٩) *Gene, Völker und Sprachen. Die biologischen Grundlagen unsere Zivilisation.* München: Hanser (aus dem Italienischen, ١٩٩٦).**
**Daniel Nettle (١٩٩٩) *Linguistic Diversity*. Oxford University Press.**